ئە نوەر سوڵتان

# "کریس کۆچرا" و ناسیۆنالیزمی کورد




کریس کۆچرا، *"چالش جنبش ملت کرد یا رویای شیفتەی استقلال"* ، ترجمە عزیز ماملی، چاپ دوم، کوردستان، سلێمانی 2008، 390 صفحە، فارسی

کریس کۆچرا ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسییەکە لە ساڵی 1979 دا کتێبێکی سەبارەت بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد نووسی. کتێبەکە دوای ماوەیەک وەرگەڕایە سەر زمانی کوردی و فارسی *(بڕوانە بەشی 184 ی ئەم ووتارانە)*.

ئەم کتێبەی جێ باسی ئێستا، دووهەم بەرهەمی نووسەرە لە سەر پرسی کورد و بە ماوەیەکی کەم دوای بڵاوبوونەوە لە لایەن ڕیزدار 'عەزیزی ماملێ' وە وەرگەڕاوەتە سەر فارسی و لە کوردستان بڵاوکراوەتەوە. وەگێڕانی هەموو کتێبێکی سەبارەت بە دۆزی کورد، بۆ سەر زمانی داگیرکەرانی خاکی کوردستان کارێکی جێ پەسندە، بە مەرجێک کتێبەکە بە کوردیش تەرجەمە بکرێت، دەنا کورد بۆ هەمیشە دەبێ چاولەدەستی زمانی داگیرکەران بمێنێتەوە و مێژووی خۆیشی بە یارمەتی ئەو زمانانە بخوێنێت و بخوێنێتەوە! هیوادارم کاک عەزیز یا کەسێکی دیکە ئەو ئەرکە گرنگە بەڕێوە ببەن و بیکەنە کوردیش.

کتێبەکە بە سەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەش کراوە، کە هەرکام سەبارەت بە دۆخی کورد لە عیراق، ئێران و تورکیایە. ئەوەی بۆکان بگرێتەوە دیارە دەبێ لە بەشی دووهەمدا چاوی بۆ بگێڕرێت. ئەم بەشە، لە چاپی بەردەستی مندا سەرجەم 106 لاپەڕەی گرتوتە بەر (لل. 177 تا 283)، کە زوربەی هەرەزۆری لەپەیوەندی حزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێراندا نووسراوە و ژیان و کەسایەتی دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو و چۆنیەتی ووتووێژ کردنی لەگەڵ پاسدارە مرۆڤکوژەکانی ئێران کە گەیشتە ئەنجامی شەهید بوونی لە ڤیەنا (سەعات دەوروبەری 8 ی ئێوارە، ڕۆژی 1989/7/13)، ناوەرۆکی سەرەکی ئەم بەشە پێک دەهێنن.

بەم پێیە، کتێبەکە سەرچاوەیەکی باشە بۆ چالاکییەکانی حزبی دیموکرات و بە تایبەت هەڵسووڕاوییەکانی نەمر دوکتۆر قاسملوو، بەڵام لە باسی حزب و ڕێکخراوە و لایەنەکانی دیکەی ناو بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان- بە تایبەت 'کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان' دا، کۆرتی دێنێت.

سەبارەت بە بۆکان لە کتێبەکەدا چەند ئاماژەیەک هەن کە لێرەدا دەست نیشانیان دەکەم:

1. *"ئەگەر مەهاباد پێتەختی مێژوویی کوردستانی ئێران [بێت]، سەردەشت و بۆکان و شنۆشاری دیکەی کوردان دبێنە هەژمار، ...."* (ل. 188).

2. *"لە ماوەی مانگەکانی کۆتایی هەرا و هەنگامەی شۆڕش [ی ساڵی 1979] دا، ڕێکخراوەی تریش [جگە لە حزبی دیموکڕاتی کوردستان] پەرە دەستێنن، کە لە ناویاندا کۆمەڵە، حزبی مارکسیست – لێنینیستە بە بیرۆکەی مائۆئیستییەوە، کە لە ساڵی 1980 دا مەزراوە و بە ڕێک وپێکی لە هەندێک شوێنی کوردستان بە تایبەت بۆکان، خۆ دەردەخەن"* (ل. 189)

3. *"لەگەڵ ئەوەشدا، گەرچی حزبی [دیموکڕاتی] کوردستانی ئێران لە رە زائیە و کرماشاندا لەگەڵ کومیتە ئیسلامییەکان تووشی گیروگرفت دێت، لە بۆکان، سەقز، سنە، نەغەدە، شنۆ، پیرانشار و لە کۆتاییدا مەهاباد (1 ی مارسی 1979) دەفتەری خۆی دەکاتەوە."* (ل. 197)

4. *"سوپای ئێران کورد مەجبوور بەوە دەکات هێزەکانیان لێک بلاو بکەن. لەشکری 27 هاوتەریب لەگەڵ بۆکان، هێرش دەکاتە سەر پیرانشار،و ئەو دوو شارە بە تەرتیب لە ڕۆژانی یەکەم و دووهەمی مانگی سپتەمبر دا دەگیرێنەوە."* (ل. 209)

5. *"کومەڵە پەرەدەدات بە شەڕی خۆی لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەت. ئەم شەڕانە بە تایبەت لە بۆکان (28 ی ئوکتۆبر) ڕوودەدەن".* (ل. 216)

6. *"کوردستان تووشی شەڕ دەبێت. دوکتۆری نەخۆشخانەی بۆکان تەنیا فریای دەرمانکردنی بریندار، منداڵ، ژنان و گەورەساڵانی شاری سەقز دەکەون کە شەڕی توندی تێدا ڕوودادوە."* (ل. 229)

7. *"یەک لەو ناوەندانەی بەربەرەکانی بریتیە لە سێ گۆشەی مەهاباد، سەردەشت، بۆکان کە مەقەڕ و ناوەندی ڕادیۆیی و نەخۆشخانەی حزبی دیموکڕاتی کوردستان و کومەڵەی تێدا دادەمەزرێت."*(ل233)

8. *"بێگومان حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەسەرەتای ساڵی 1982 دا لە نێوان میاندواو و بۆکان سەرکەوتنێکی گرنگی بە دەست هێنا."* (. 244)

*9. "هاوکات، سوپای ئێران لە ڕۆژانی 15 و 16 ی سپتەمبردا هێرش دەکاتە سەر سێ گۆشەی مەهاباد – میاندواو - بۆکان کە 'ناوەندی دیفاعی موکریان' پێک دەهێنێت. ناوەندەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵە و شێخ عزالدین و نەخۆشخانەکانی حزبی دیموکرات و کۆمەلە لەو سێ گۆشەیەدان، کە لایەنەکانی 50 تا 60 کیلۆمەترن، و لە [گوندی] قالوێ دامەزراون."* (ل. 247)

*10. "دەفتەری سیاسی تازە بریتین لە حەسەنی شەڕەفی خەڵکی مەهاباد، باباعەلی میهرپەروەر خەڵکی مەریوان و سەلامی عەزیزی خەڵکی بۆکان."* (ل. 277)

جگە لەوانە، گەلێک باس و هەواڵی ڕووداوەکانی ئەو ساڵانە، وەک وتووێژی 'هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد' لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت – کە تێیدا چوارکەسی خەڵکی بۆکان (2 لە کۆمەڵە و 2 لە فیدائیان) بەشدار بوون، هەواڵی شەڕەکان، داخرانی قوتابخانە و نەخۆشخانەکان وکەم وزۆر هەموو باسەکانیتر، بۆکانیش دەگرنەوە.

لە کۆتاییدا بڵێم تەرجەمەی فارسی کتێبەکە پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، هەر لە هەڵەی ڕستە و نووسینەوە تا هەڵەی چاپ و هیوادارم ڕێزدار عەزیزی مامڵێ ئەو ئەرکەش بەڕێوە ببات.